

# تەبلێت و مۆبایل لە ئامێزی یەکدا

تەبلێت بەهۆی قەبارەی گەورەی بەراورد بە مۆبایل ناتوانێت شوێنی مۆبایل بگرێتەوە، هەرچەندە تەبلێتەکان قەبارە و کێشی گەورەی مۆبایلن، وەك ئەوەی مۆبایلێك بن و گەورەتر بن چونکە هەموو تواناکانی مۆبایلیان هەیە، لەم دواییەدا تەبلێتی جۆری S.MAX بەرهەمهاتووە کە مۆبایلێکی لە ئامێزی خۆیدا هەڵگرتووە، دەکرێت هەردوو ئامێرەکە بە جیا سوودیان لێوەربگیردرێت. هەروەها پێکەوەش سوودیان لێدەبینلدرێت، واتە پرۆگرامەکانی سەر تەبلێتەکە لەسەر مۆبایلەکە هەن و پێچەوانەش.



# کۆمپیوتەری سەرمێزی بچووک و توانایەکی باش

ئەگەر تەنیا بۆ دەیەیەك لەمەوبەر بگەرێینەوە، دەبینین لەسەر مێزی کاری ئیدارە و نووسینگەکان، یان لەسەر مێزی ماڵەوە کۆمپیوتەری سەرمێز بە قەوارەی گەورەوە دادەنران کە هەڵگرتن و راگواستنیان دژوار بوو. هەرچەندە ئێستاش لە زۆر دامودەزگاکان و ئیدارەکان ئەو کۆمپیوتەرانە بوونیان هەر ماوە، بەڵام چەند ساڵێك دەبێت قەوارەی کۆمپیوتەری سەرمێزییەکان بچووك بۆتەوە، بۆ نموونە کۆمپیوتەری DS81ی کۆمپانیای شاتێل، لەگەڵ ئەوەیدا تواناکەی زۆر زیاترە لە کۆمپیوتەری سەرمێزی پێشوو، کێش و قەوارەشی لە لاپتۆپێك بچووکترە. چونکە پرۆسیسەری Core i7ی لەسەرە. لەم کۆمپیوتەری سەرمێزەدا سیستەمی فێنك کەرەوەی پێشکەوتوو هەیە کە لە گەرمای 50 پلەشدا وا دەکات کێشە بۆ خێرایی و کارکردی کۆمپیوتەرەکە نەیەتە پێش.
کۆمپیوتەری ناوبراو لە بواری گەیاندنەوە تواناکەی زۆرە، دوو کەلێنی PCle mine هەیە لەگەڵ دوو شوێنی دانانی RAM تاکو 16 گیگابایت و 6 کەلێنی USB هەیە کە دوو لەوانە USB 3نە. هەروەها شوێنی کێبلی HDMI هەیە.

# ماوس جێگەی دەسکی گەیم دەگرێتەوە



کۆمپیوتەر چ لاپتۆپ و چ دیسکتۆپ زۆربەی ئەرکە گرنگەکانی ژیانی رۆژانەی هەر تاکێکی کۆمەڵگا ئەنجام دەدەن، وەك دەڵێن بەبێ کۆمپیوتەر ژیان دەگەڕێتەوە سـەردەمی سـەد ساڵ لەمەوبەر و کۆمەڵگا بەرەو دواوە دەکشێتەوە.

کۆمپیوتەر چ دیسـکتۆپ و چ لاپتۆپ جگە لەوەی ئەرکە گرنگـەکان ئەنجام دەدەن، کاری هەوڵـدراوە کۆمپیوتەر چەندین ئامێر هەن بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکانە، بەڵام گەیمە ئەلکترۆنییەکانیش بکەن، هەرچەندە چەندین ئامێر هەن بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکانە، بەڵام کۆمپیوتەریش شوێنی خۆی هەیە. ماوس کە شا کلیلی کۆمپیوتەرە، لەم ماوەیەدا هەوڵدراوە ببێتە (JOYSTIC) یش واتە دەسـکی گەیم. ماوسـی جۆری Cougar-M700 لەراسـتیدا باشترین دەسکی گەیمە. ئەم ماوسە دەکرێت بەکارهێنەرەکەی بە ویستی خۆی گۆڕانکاری لە پارچەکانیدا بکات. هەسـتەوەر واتە (سینسـەر)ی ئەم ماوسە وردبینییەکەی 8200 خاڵە لە ئینجدا و 8 دوگمەی هەیە. خودی ماوسەکە 512 میگابایت میمۆری هەیە. ئەم ماوسە دەتوانێت نزیکەی 17 ملیۆن فەرمان لەخۆیدا خەزن بکات.

# داهاتوو بەرەو خانووی هۆشمەند هەنگاو دەنێت

ئایـا جیهان بـەو خێرایییەی کـە دەچێتە پێش، بەسـوودی مرۆڤایەتی دەگەڕێتـەوە یان رۆژێك دادێت ئەم بەرەو پێشـچوونە چەندیـن هەنگاو بۆ دواوەی بگەڕێنێتەوە؟ مرۆڤ بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت و داهاتووی جیهان لەسایەی تەکنەلۆژیای نوێ چی لێدێت؟ ئەمانە پرسیارگەلی ئاڵۆزن.

ئەم چەند ساڵە بیر لە ماڵی هۆشمەند یان سمارت کراوە، کە لەمەودوا مرۆڤ هیچ رۆڵێکی لە ئەنجامدانی کاری ماڵەوە نەمێنێت، ئیدی خانمی ماڵەوە کە ئەرکەکان زۆرتر بە ئەستۆی ئەوانەوەن نەیکەنە منەت بەسەر پیاوان کە ئەو ئەرکانە ئەنجام دەدەن، لە ماڵی هۆشمەندا هەمووشتێك دیجیتالی ئەنجام دەدرێن، گەسکی کارەبا خۆی ئۆتۆماتیکی دەست دەکات بە گەسك لێدان، سەماوەرەکە لەخۆوە هەڵدەبێت و کەتلییەکە بە فەرمانکردن بە مۆبایلەکەت چایەکە لێدێنێت، سەلاجەکە ئەو شتانەی کە لەناوی دان لەسەر شاشەکەی نیشان دەدات و ئەوەی کە پێویستە فرێ بدرێت لە شاشەکەدا بە جیا نیشانی دەدات.

ئیکۆ سیسـتەمی ماڵە هۆشـمەندەکان Archos: ئێوە کاتێك لە ماڵەوە دەردەکەون وا بیردەکەنەوە بڵێی دەرگاکەم بە کراوەیی بە جێ نەهێشتبێ، یان بڵێی تەباخەکە کوژاییتەوە؟ یان تۆ بڵێی ئوتووەکە بە هەڵکراوەیی نەماییتەوە؟ Archos تەواوی ئامرازەکانی ماڵەوە دەخاتە ژێر چاوەدێری و لە رێگای ئینتەرنێتەوە کۆنترۆڵی کەرەسەکانی ماڵەوە دەکات.







## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت جیاوازییەك لەنێوان دوو فۆرماتی وێنەی JPG و PNG دا چییە؟

خوێنەری بەڕێز فۆرماتەکانی وێنە گەلێکن، باوترین فۆرماتی وێنە، جۆری JPGکە زۆربەی کامێرا دیجیتالیەکان پشتیوانی لەو فۆرماتە دەکەن، فۆرماتی JPG بۆ هەڵگرتن و بەڕێکردن و گواستنەوە لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا زۆر گونجاوە، بەڵام ئەو خاڵە لاوازەی هەیە کە کاتێك نیازت هەبێت گەورەی بکەی ئیدی وێنەکە کوالیتی خۆی لە دەست دەدات، چەندە گەورە بکرێت ئەوەندە کوالیتی دادەبەزێت.

فۆرماتی PNGیش ئەو فۆرماتەیە کە بۆ کاری گرافیکی سوودی زۆر لێدەبیندرێت، چونکە هەتا مەزنیشی بکەی کوالیتییەکەی تێکناچێت، ڕەنگەکانی ناو وێنەکە هەروەك خۆیان دەمێننەوە، چەند جارێکیش کۆپی بکرێت گۆڕانێك بەسەر کوالیتیدا نایەت، بەڵام ئەوەی هەیە کە قەبارەی وێنەکان لەو فۆرماتەدا گەورەن بۆیە بۆ گواستنەوەی ناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت بەزەحمەت دەگونجێن.

## پرۆگرامێک بۆ دیزاین

حەز دەکەی بزانی ستایلی ماڵەکەت بە ویستی خۆت بێت و بەر لە دروستکردنی خانووەکەت بزانی ستایلی ناو ماڵەکەت چۆن دەبێت، حەز دەکەی بزانی حەمامەکەت چ دیزاینێکی هەبێت، یان چێشتخانە و کەوەنتەرێکی چ دیزاینێکی هەبێت؟ یان ژووری خەوەکەت و ژووری پێشوازیت چ دیزاینێکیان هەبێت. ئەگەر پێتوابێت ئەمە کاری ئەندازیاری ئەو بەشەیە ئەوان تێیدا شارەزان، وا نییە! پرۆگرامی TRUNCAD

## کامێرایەک بۆ گرتنی فیلمی K٤ و پانۆرامایی

گرتنی فیلمی پانۆرامایی لە هەندێك جێگادا گرنگی خۆی هەیە، پانۆرامایی بەم فیلمانە دەگوترێت لە یەك کاتدا هەر چوار دیمەنێك وێنە یان فیلم بگری زۆربەی کامێرای مۆبایلە هۆشمەندەکان ئەم تایبەتمەندیەیان تێدایە، لەم دواییەدا گروپێك لە ئەندازیارانی پێشووی ئەپڵ کامێرایەکیان بەناوی Center-camera بەرهەم هێناوە کە لەیەك کاتدا فیلمی هەر چوار دەوری خۆی دەگرێت. ئەم کامێرایە پێکهاتووە لە چوار کامێرای HD کە لە بازنەیەکدا یەکدەگرنەوە. بەهۆی کونێك لەناوەندەکەی بەکارهێنەر دەتوانێ بە ئاسانی لە دەستی بگرێت. کامێراکە زیاتر لە یاریگا وەرزشییەکاندا سوودی لێدەبیندرێت.





## قوبادی گەورەترین سایتی ئەرشیڤی گۆرانی کوردی

لە ناساندنی سایتدا کەمتر ئاوڕمان لە سایتی کوردی داوەتەوە، زیاتر سایتی کاریگەر و بە سوودی جیهانیمان ناساندووە، بەڵام ئەمجارە سایتێکتان پێدەناسێنین کە سایتێکە کوردییە و لەلایەن بەڕێز کاك فاروق قوبادی چێکراوە و هەوڵێکی زۆری بۆ داوەو بەڕاست تێیدا ماندوو بووە.

ئەم سایتە کە ئەدرەسەکەی ئاوایە www.qubadi.com وەك گەورەترین ئەرشیڤی میوزیك و گۆرانی کوردی دەناسرێت، لەم سایتەدا سەرووی سی هەزار گۆرانی تێدایە، جگە لە میوزیك و شیعر و سرودی نیشتمانی و شتی دیکە.. دەکرێت بڵێین گۆرانی هەموو هونەرمەندانی کورد بە ناسراو و نەناسراوەوە تێیدایە، ناوی هونەرمەندەکان بە پێی پیتی ABCیە و کلیك لەسەر ناوی هەر هونەرمەندێك بکەی، ئەوەندەی کاك فاروق پێیکراوە گۆرانی ئەو هونەرمەندەی داناوە. هەتا سەر لەم سایتە نەدەی نازانی چ گەنجینەیەکی بەبەهایە.



## ـــــى دكۆراسيۆنى ماڵەوە

3DGenerator v10.0.31 ئەو پرۆگرامەیە کە دەتوانیت بەهۆیەوە دیزاین و ستایلی ناو ماڵەکەت ببینی و بە ویستی خۆت دیزاینی بکەی. خۆی دەیان دیزاینی سەرنجڕاکێشی لە پێشدا ئامادەکراوی تێدایە، ئەم پرۆگرامە هەر بۆ ماڵەوە نییە، بگرە بۆ شوێنە ئیدارییەکان، قوتابخانە و زانکۆکان، نووسینگە و ژووره بازرگانییەکان..تاد سوودی لێوەردەگیردرێت، هەموو کەسێکیش دەتوانێت سوود لەم پرۆگرامە وەربگرێت.



## درایڤێکی دە ترابایتی

کۆمپانیای OWC جۆرە درایڤێکی بەرهەم هێناوە کە شوێنی کێبڵی (تەندەر بولت) و USB3 هەیە، ئەم داردە دەتوانێت 10 ترابایایت زانیاری لەخۆیدا خەزن بکات.

ئەم درایڤە کە بە ناوی mercury elite pro dual ناسراوە دەکرێت بۆ هەڵگرتنی داتایەکی زۆر سوودی لێوەربگیرێت، خێرایی خەزن کردن لەم درایڤە نوێیەدا گەلێك زۆرە لە یەك چرکەدا 10 گیگابایت خەزن دەکات. هەرچەندە هەر لەم ساڵدا کۆمپانیای lacia خێراترین هارددیسکی پۆرتێبڵی خۆی بەناوی little big disk خستە بازاڕەوە کە شوێنی دوو کێبڵی (تەندەر بولت)ی هەبوو کە دەیتوانی لە یەك چرکەدا 20 گیگابایت لەخۆیدا خەزن بکات.